سەماحەتی حەکیم لەگەڵ ئایەتوڵا ئەلئاراکی باسی گۆڕینی گوتاری ئاینی دەکات بەشێوەیەك کە لەگەڵ ئەم قۆناغە بگونجێت

ammaralhakeem.com
ammaralhakeem.com

ڕۆژی دووشەممە بەرواری 18-3-2023 بەڕێز عەمار حەکیم سەرۆکی ڕەوتی حیکمەی نیشتمانی چاوی بە ئایەتوڵا موحسن ئەلئاراکی سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای جیهانی نزیککردنەوی مەزهەبە ئیسلامییەکان کەوت، لەم دیدارە بیروڕا سەبارەت بە پێشهات و تازەترین بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی عێراق و ناوچەکە ئاڵوگۆڕ کرا و هەروەها باس لە گفتوگۆی مەزهەبە ئیسلامییەکان و بەڕێوەبردنی هەمەجۆری ئەو مەزهەبانە و ڕێزگرتن لە تایبەتمەندییەکانی کرا.

سەماحەتی دووپاتی کردوە کە گرنگە گفتوگۆی نێوان دەزگا ئاینییەکان بەردەوام بێت تا بتوانن دیدەکی هاوبەش دروست بکەن و ڕووبەڕووی ڕکابەرییەکان ببنەوە، ددپاتیشی کردەوە کە دەبێت گوتاری ئاینی ئێستا بەشێوەیەك بێت کە لەگەل بۆچوونی کۆمەڵگای ئیسلامی ئەمڕۆ بگونجێت، هەروەها ستایشی هەنگاوی گەڕانەوەی پەیوەندی دیپلۆماتی لەنێوان شانشینی سعوودیە و کۆماری ئیسلامی ئێرانی کرد و دووپانی کردەوە کە گرنگە لێکتێگەیشتن و گفتوگۆ بەرقەرار بێت بۆ ئەوەی سەقامگیری ناوچەکە باشتر بێت و وڵاتانیش بە ئاسوودەیی بژین.